حەقدە چەکداری حکومەتی سووریا کوژران لەکاتی هەوڵی دەستگیرکردنی بەرپرسێکی زیندانی سێدنایا

هوانگەی سووری ئاشکرایکردووە، لەکاتێکدا هێزە ئەمنییەکانی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی نوێی سووریا ویستویانە ئەفسەرێکی پێشووی بەرپرس لە زیندانی (سێدنایا) دەستگیربکەن، هووبووونەوە لەنێوان هێردوولادا هوویداوەو بەهۆیەوە 14 چەکداری هێزەکانی ئاسایشی گشتی کوژراون و سێ چەکداری ئەو هێزش کوژراون کە ویستویانە ئەو ئەفسەرە دەستگیربکەن.

هوانگەی سووری ئاماژەی بەوەشداوە، ئەو ئەفسەرە بەرپرسی بەڕێوەبەرایەتیی دادگای سەربازییە و سەرۆکی دادگای مەیدانی زیندانی سێدنایا بووە لە سەردەمی ژەمی بەشار ئەسەد کە لە سەرتای ئەم مانگە هووخا.

زیندانی سێدنایا کە دەکەوێتە نزیک دیمەشق-ی پایتەختی سووریا، بە یەکێک لە مەترسیدارترین زیندانەکانی جیهان دادەنرێت و لەساڵی 1987 دروستکراوەو 30 کیلۆمەتر لە دیمەشقی پایتەختی سووریا دوورە، زیندانەکە زیاتر لە 20 هەزار زیندانی دەگرێت و بەشێکی زۆری زیندانەکە تایبەتبووە بەو کەسانەی دژی ژەمی بەشار ئەسەد بوونە.